خەسرەو سایە: سامان کەریم، یەکیک لە دانپێدانانەکانی سەرانی یەکیتی وپارتی ئەوەیەکە خەلکی کوردستان لەچاو هەلبژاردنەکەی پێشوودا بەشداری کەمیان بووە، لەمبارەشەوە حوکمی ئەوە دەدەن کەگوایە رووحی کوردایەتی لاوازبووە وەیا لاوان بێموبالاتن بەسیاسەت چونکە هەم ئاشنانین بەنەهامەتیەکانی سەردەمی رژیمی بەعس و هەم دەسەلات پیداویستی زۆری بۆفەراهەمکردوون، ئیوە ئەم ئیدعایانە چۆن وەلام دەدەنەوە و بەگشتی دیاردەی بەشداری نەکردنی خەلکی کوردستان لەم دەنگدانەدا بۆچی دەگەرێننەوە؟

سامان کەریم: دیارە هەڵبژاردن لە کوردستاندا، جگە لەو حوکمانەی کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردوە، بەرپرسانی سیاسی هەردوو حزبی دەسەلاتدارو هەروەها بەرپرسانی هەڵبژاردنیش چەندین کۆسپ‌و تەگەرەی تەکنیکی‌و کەمی کات‌و شتی لەم بابەتانە باس دەکەن، بەلام دەنگدانێك کەلەسایەی هەلومەرجێکی سیاسی دژواری جەنگ وتیرۆر وئەوپەری نائامن‌و نائارامدا دبریتەپیشەوە هەر لە بناغەوە پوچە، بەتایبەتی لەشارەکانی عێراق. لە کوردستاندا ئەم مەسائیلە تەنکنیکیانەی باسی لیوە دەکەن، راستەوخۆ دەرخەری گالتەجاری بونی ئەم ریفراندۆمەن ، بەتایبەتی لەدنیادا دەنگدانی وا نەبووە خەلك 1-2 رۆژ پێش دەنگدان، وەرەقەیەکی گرنگی وەك دەستوری بخرێتە بەردەست‌و ئەویش بەکەموکوڕی‌و داواشی لێبگەن کە پێویستە دەنگ بدات بۆی. پێم وابیت زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەش کە دەنگیان داوە فریای خوێندنەوەی دەستور نەکەوتون چ جا بگات بەوەی کە بەوردی سەرنجی بدەنێ لە کۆبونەوەو ڕاگەیاندندا لێکدانەوەی لەسەر بکەن...

بەلأم بەشدارینەکردنی خەڵکی کوردستان‌و بەتایبەت لاوان بە کچان‌و کوڕانەوە، بەبڕوای من پەیوەندی هەیە بە دوو تەوەرەی سەرەکیەوە یەکەمیان ماندووبونی خەڵکی کوردستان لە سیاسەتی 15ساڵی ڕابوردووی ناسیونالیزمی کوردو بەتایبەت سیاسەت‌و هەلس‌وکەوتی دووساڵ‌و نیوی ڕابوردووی هەر دووحزبی دەسەڵاتدار، دووەمیان/ پێك نەهاتنی فەرهەنگی خەڵکی کوردستان وە بەتایبەت فەرهەنگی لاوان لەگەل فەرهەنگ‌و عادات‌و وتەقالیدی ناسیونالیزمی کورد.

ئەوەندە بگەرێتەوە بۆ تەوەرەی یەکەم خەڵکی کوردستان، لە ئاکرێ‌وە تاکو هەولێر و ڕانیە‌و کەلار، بە مامۆستا‌و خویندکارو فەرمانبەرو ما ف پەروەرو کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێشەوە، پێش ئەوەی بە هاوبەشی نەکردنیان لە گاڵتەجاری ریفراندۆمدا، ناڕەزایەتی دەربڕن بەرانبەر بە ئەم دەستورە کۆنەپەرست‌و تائیفی‌و ئیسلامی‌یە، زۆر پێش ئەوە بە هۆی خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و پێشکەشکردنی خواست‌و داواکاری‌و دیاریکردنی نوێنەرانیانەوە، ناڕەزایەتی خۆیان نیشانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار داوە. هاوبەشی نەکردنی فراوانی خەڵك لە دەنگدان بۆ ئەم دەستورە، پێشتر لە دەنگدانی خەڵکی کوردستاندا دەرکەوت لە رۆژی 2ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابورودا کە نزیك بە نیو ملیۆن خەلك دروشمی جیابونەوەی کوردستانیان بەرزکردەوە. خەڵك بە نەچونی‌و هاوبەشی نەکردنی لەم گالتەجارییەدا نیشانی دا کە فیدرالیەتی ناوێت‌و فیدرالیەت ناتوانێت وەلام بەنیازی ئەمڕۆی خەلکی کوردستان بداتەوە، ئەمە خالێك‌و تەوەرەیەکی گەلێك سەرەکی بوو لە هاوبەشی نەکردنی فراونی خەڵکدا. کە بەبروای من ئەنجامگیریەکی ئەم پرۆسێسە ئەوە دەبێت، یان هەر ئێستا ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان تەجاوزی ئەوەی کرد کە جاریکی تر چەواشە بکرێت سەبارەت بە رازیکردنی بەوەی کە سەرۆکی عێراق کوردە یان وەزیری کورد ژمارەیان زۆرە لە بەغدا، وە ئەم پۆستانەی پێبگۆڕنەوە بە مافە سیاسیەکانی... چونکە مەسەلەکەیان بۆ ڕۆشن بوەوە کە ئەوەی لەسەر کورسی دادەنیشێت، مەسەلەکەی بەرژەوەندی سیاسی‌یەو بەرژەوەندی سیاسی ناسیونالیزمی کورد دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە. لە پەیوەند بەتەوەرەی دووەمەوە، لاوان لەکوردستان بە ڕۆشنی پێمان دەڵێن " ئێمە نامانەوێت لە سایەی دەسەلاتی تالێبانەکانی ئەفغاندا بژین"و دەلێن" نامەوێت کۆیلە بین" و ژنانیش ئەم ووتەی دوایی دوبارەدەکەنەوە. هەروەها بەگشتی لاوان خوازیاری ژیانێکی موتەمەدنن، کە لایەنی کەمی ئازادی‌و مافە فەردی‌و مەدەنیەکانیان مسۆگەر بێت لە ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەرەوە بگرە تاکو دەگاتە ئازادی سەفەرو جل‌و بەرگ بۆ ژنان تاکو دەگاتە جیایی دین لە دەوڵەت‌و خوێندن‌و پەروەردەو تاکو دەگاتە تێکەلکردنی کوڕان‌و کچان لە قۆناغەکانی خوێندن‌و تاکو فراوانکردنەوەی دامێنی زانستە سروشتیەکان‌و تەکنۆلۆجیای نوێ‌و زانستەکانی ئینفۆرمەیشن‌و تاکو یەکسانی نێوان ژن‌و پیاو لە بەرانبەر یاساداو... کە هەموو ئەمانە لەدەستورەکەدا قەدەغەن وە قەدەغە دەکرێن. بە ڕۆشنی خەڵکی کوردستان لە 4-5 ساڵی ڕابوردووەوە بەرە بەرە کە فشارو قورسایی ئیسلامی سیاسی لەسەر کەم بۆتەوە، هێندەی دورکەوتۆتەوە لە فەرهەنگی دواکەوتوو بە هەمان ئاستیش مۆدرێنیەت‌و تەمەدون بەرەبەرە بەرەو سەرەوە هەڵکشاوە، ئێستا گەیشتۆتە ئاستێك کە بە قیافەی ناسیونالیزمی کوردو هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەی ناخوات، بۆیە ئەوان دەلێن روحی کوردایەتی لاواز بوە، کوردایەتی لە گەل مۆدرێنیزمدا دژایەتی دەوەستنەوە. لێرەوە لاوان بە تەنها بەڕەتکردنەوەی لایەنی سیاسی دەستورو سیاسەتی هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستان ناوەستنەوە بەڵکو بەرەو بوارێکی دیکەی گرینگیش دەرۆن، کە فەرهەنگ‌و عاداتی ئەم بزوتنەوەیەیەو لاوانی کوردستان بە توندی رەفزی دەکەن‌و بەم پێیەش بەم دەستورە دەلین دەستوریکی ئەفغانی‌و تالیبانی یان پێ‌ی دەلین دژ

به ژنەو... بەم مانایەش لاوان بە ڕێژەیەکی فراوان دەنگیان نەدا. بۆیە من پێم وابیت ئەوەی کە لەپرسیارەکەی ئێوەدا هاتوە سەبارەت بەوەی کە لاوان بۆیە بەشداریان نەکردوە، چونکە تەجروبەی بەعسیان نەدیوە، قەوانێکی زۆر کۆنەو یەك پوڵی قەلب ناکات ئەوە بەجیا لەوەی کە کۆنەپەرستی هەرکەس‌و لایەنێك نیشان دەدات کە ڕستەی لەم چەشنەی لەدەم بێتە دەرەوە. بۆیە ئەم ڕەخنە قوڵەی لاوان لە فەرهەنگ‌و عادات‌و تەقالیدێك کە لەدەستورەکەدا هاتوەو لەلایەن یەکێتی‌و پارتیەوە ئیمزا کراوە، خالێکی گەلێك گرینکەو لە ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی داهاتووی کوردستاندا، جێگاو ڕێگای تایبەتی هەیە.

خەسرەوسایە: هاوری سامان تەواوبوونی "دەنگدان بە دەستور" بارودۆخی کوردستان چۆن دەبینن، داهاتووی پێوەندی خەلک و دەسەلاتی یەکیتی وپارتی بەرەو کوی دەچیت؟

سامان کەریم: سەرەتا پێویستە ئاماژە بە مەسەلەیەکی زۆر گرینك بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە پێشتر لە ڕاگەیاندن‌و نوسینەکانی خۆماندا بەڕۆشنی جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەم دەستورە ناتوانێت عێراق بخاتە سەر ڕێچکەی دەوڵەتێکی دەستوری‌و بەم پێەیش یاسا دەسەلاتێکی بەرچاوی بێت تیایدا، وە ئەم باسەی ئێمە لە لایەن بەشێکی زۆری هێزە سیاسیەکانی تریشەوە دەکرێت بەلاّم بە ئەماو ئەگەرو مەرجی جۆراوجۆری خۆیانەوە... بۆیە ئێمە وتمان هەلۆیستی دروست لە بەرانبەر ئەم دەستورەدا " ئا یان نا "نی‌یەو بە هەردوو بارەکەیدا بەردەوام بونی هەلومەرجی ئێستایە لە نا ئەمنی‌و نا ئارامی‌و قوڵبونەوەی کێبەرکێی تائیفی‌و قەومی‌و هەڵلوشینی سەرەوەت‌و سامانی خەڵکی عێراق لەلایەن هێزەکانی دەست‌و پێوەندی ئەمەریکاوە لە بەغدا. بەگشتی مەسەلەی دەنگدان بۆ ریفراندۆمێکی گالتەجارانە لە ڕوانگەی هێزە دەسەلاتدارەکانی عێراق بە کوردستانیشەوە، ئەوە بوو کە هەلومەرجی مەوجودی سیاسی‌و کێبەرکێی تائیفی‌و قەومی لە عێراقدا بکەنە دەستورو بەم پێەیش جێگاو ڕیگای خۆیان لەسەر ئەم بناغەیە توند بکەن لەدەسەلاتدا. لە کوردستان ئەم مەسەلەیە جیاوازی هەیە لە گەل باقی شوێنەکانی دیکەی عێراق‌و بڕێك فەرق دەکات. لیرە سەرۆکایەتی تاڵەبانی‌و تەنانەت دیاریکردنی "سەرۆکی هەرێم" مومکن نەدەبوو بەبێ لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، بەبروای من ئەوان لەم بارەوە بەرتیلی خۆیان وەرگرتوەو دەیانەوێت لەم مەسەلەیە زیاترو زیاتر بخۆن، بەلاّم ئەم وەرەقەیان لەدەست دەرکێشرا. بۆیە من هەلومەرجی ئەمڕۆی دوای دەستور لەوەدا دەبینم کە دامێنی دورکەوتنەوەی خەڵکی کوردستان لە دەسەلاتی کوردی زیاتر پەرە دەستێنێت. وە بەشێوەیەکی ڕۆشنتر بۆ خەلك دەردەکەوێت کە بەرژەوەندییەکانیان جیاوازە لە گەل دەسەلاتی یەکێتی‌و پارتی‌دا. هەروەها من دەبینم کە خواستی جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەت تیایدا لە ڕیگای ریفراندۆمەوە، بەگوڕو تینێکی ترەوە دێەوە پێش، ئەمە بەجیا لەخواستە مەدەنی‌و فەردی‌و سیاسیەکان کە هەموو ڕۆژە لە کوردستان مەترەح دەکرێت. لە ئێستاوە دەسەلاتدارانی کوردستان خەریکی چەواشەکردنی لاوانن بە کردنەوەی پەرلەمانی لاوان‌و کۆمەلێك پەیمان‌و بەلیێنی سەقەت‌و پوچی لەم بابەتە. کێشمە کێش‌و ململانێی داهاتوو لە نێوان خەڵکی کوردستان‌و دەسەلاتی یەکێتی وپارتی‌دا، لە ئاستێکی بەرینترو ڕۆشنترو فراوانتردا، درێژەو هەمەگیر بونی خواست‌و داواکارییەکانی قۆناغی پێش دەنگدان بۆ دەستور دەبیت‌و لەمە گومانیك نیە. لە لایەکی تریشەوە کە کوردستان بەعێراقەوە لکێندراوەتەوەو کاریگەری هەلومەرجی سیاسی‌و ئەمنی لە سەرعێراق کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبیت لەسەر کوردستانیش، ئەوە من پیم وابیت کوردستان وەخەڵکی کوردستان گاریگەری توندی نائەمنیەت‌و نا ئارامی عێراق‌و نەبونی کارەباو سوتەمەنی‌و سەرکوتی ئازادی سیاسی‌و زەوتکردنی مافە مەدەنی‌و فەردییەکانیان بەسەرەوە دەبێت‌و کێبەرکێی خەلك‌و دەسەلاتی یەکێتی‌و پارتی لە ئایندەدا ئەوە نیشان دەدات، بەتایبەت کە من چوارچێوەی گشتی ئالوگۆڕە سیاسیەکانی قۆناغی داهاتوو لە بەرژەوەندی چونە پێشەوەی سیاسەتی یەکێتی وپارتیدا نابینم تەنانەت لە نێو هەمان چوارچێوەشدا کە خۆیان ئێستا گەمە کەری سەرەکین تیایدا.